www.kurdistannet.org
17-10-2006 18:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرنجێکی رەخنەگرانە لە رەشنوسی دەستور و پرۆسەکەی ... ئاسۆ کمال

(2)

ئیسلام وەك پێوەری نەبونی ئازادی لە دەستوردا

لە سەرەتای ئەم ووتارەدا باسم تەنها لە پرۆسەی دارشتن و ساغکردنەوە و سەپاندنی ئەم دەستورە کرد، کە رێگای بۆ خەلکی کوردستان نەهێشتۆتەوە کە بتوانێ دەور بگێرێ لەپرۆسەی دەستوردا و ئیدعاکانی بەشداری خەلك لەبازنەی پرسە گورگانە دەرناچێت. وە لە واقیعدا ئەوە تەنها سیاسەت و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتییە کە چوارچێوەی ئەم دەستورە دیاری دەکا. نمونەیەکی بەرچاوی ئەم راستیە زیادکردنی مادەی 7 بۆ بنەما سەرەکیەکانی دەستورە کە تیایدا دەڵێ "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان".

ئەم بەندە بەو پێیەی لە یاداشتی رونکردنەوەکەی رەشنوسی دەستورەکەدا هاتووە لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە زیادکراوە. ئەم زیادکردنی شەریعەتی ئیسلامە بەرهەمی فشاری یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیە و نیشانەی هاوتا بوونی پێوەر و بەرژەوەندی یەکێتی وپارتییە لەگەلڕ ئیسلامیەکاندا بۆ شەریعەتی ئیسلامی.

ئەم دەستورە بەو پێیەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ یاساکانی، دەستورێکی ئیسلامییە و یاساکانی ئیسلامین. پێوەر و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەلڕ پێوەر ومافێکن کە ئیسلام داینـاون. بەم پێیە لەکوردستانیش نمونەیەکی تر لە دەسەڵات و قانونی ئیسلامی پەیرەو دەکرێ هەروەك ئەوەی حکومەتە ئیسلامیەکانی سعودیە و وولاتانی عەرەبی و ئەلقاعیدە و حەماس و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە و ئەنسار ئیسلام بەبەرچاومانەوە رۆژانە پەیرەویان لیکردوە وجێبەجێیان کردوە. کۆمەڵگا و دەسەڵات بەپێی ئەم بەندە مەحکومن بە یاسا و دەسەڵاتێکی ئیسلامی و هەر تاکێك یان کۆمەڵێك لە کوردستاندا لەسایەی ئەم شەریعەتە ئیسلامیەدا ژیان و ماف و چارەنوسی دیاری دەکرێ. بەم شێوەیە زەمینەی مانەوە و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپەرستی ئیسلامی جیگیر دەکرێ و جیایی دین لە دەولەت و دەسەلاتی مەدەنی لە کوردستاندا بەپێی ماددەی 7 قەدەغە دەکرێ.

سەرەتا دەبێت بپرسین بۆچی یەکێتی وپارتی دەستوریان ئیسلامی کرد؟ ئایا فشاری ئیسلامیەکان لە کوردستاندا بە هێندەی فشاری شیعە و سوننەی عێراقە و ئەوان بەناچاری ملیان بەم دەستورە داوە؟ بێگومان هەرکەس سەیری وەزعی ئیسلامی سیاسی دوای 11 سیپتەمبەر 2001 سەیربکات لە کوردستاندا ئەو راستیەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیە روو لە داچوون و پارچەپارچە بوون و لاوازی زیاتر چووە و دەورانی ساڵەکانی گەشەی نەوەدیان بەسەرچووە.

خەڵکی کوردستانیش بەلاچوونی جەوی برسیەتی وبێئومێدی لەسایەی شەرِی ناوخۆ و دەستدرێژی ئیسلامیەکان و جمهوری ئیسلامی ئیران و سەرگەردانی چارەنوسی کوردستان لەسەریان، خواستی دەست کۆتاکردنی هەرچی زیاتری ئیسلامیەکیان و نەهێشتنی فشاری تیرۆر و کۆنەپەرستیان زیادی کرد. کەوایە مەسەلەی یەکێتی وپارتی لە پشت بەستنیان بە شەریعەتی ئیسلامی و سەپاندنی یاساکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا ئەنجامی فشاری دەرەکی نییە و ریشەی لە هاوتایی بەرژەوەندی و پیوەری ئەم حزبە دەسەلاتدارانەدایە بۆ ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان. هەربۆیە پەنایان بردۆتەوە بەر سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی و کردویانە بەسەرچاوەی سەرەکی یاساکانیان.

15 ساڵ یەکێتی وپارتی دەسەلاتیکی عەشیرەتی و میلیشیاییان لە کوردستان پەیرەو کردوە و ئێستاش کە دەیانەوێت ئەم نیزامە سیاسیە نامەدەنی ومیلیشیاییە بخەنە قالبی یاساییەوە، ئەوا پیویستیان

بە شەریعەتی ئیسلامیە تاكو بتوانێت سەرخانیكی سیاسی و قانونی گونجاو لەگەلڕ ئەم سیستەمی حوكمرانیەدا بسەپێنێت. ناكرێ بە سیستەمێكی میلیشیایی و تەقسیمی دەسەلات لە نیوان دوو حزبی چەكداردا چاوەڕی بكرێ یاساكانی كۆمەڵگای مەدەنی، جیایی دین لە دەولەت و دابینكردنی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەكان دابنێن. شەریعەتی ئیسلامی بە یاساكانی بەرتەسك كردنەوەی ئازادی بیروباوەر و ژیردەستەیی ژنان و بێمافی منالان و هتد.. دەتوانێت پاساوی یاسایی كردەوەكانی سایەی ئەو دەسەلاتە بداتەوە كە لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا نمونەی شەڕ و بێمافی و كۆتكردنی ئازادی و كوشتاری ناموسی و بیكاری و گەندەڵی وهتد دریژەپیداوە.

هەربۆیە ئەم بەندی 7 ە وەك وەڵامدەرەوە بەو نیازانەی حزبە دەسەڵاتدارەكان زیادكراوە و تەنانەت لەچاو دەستوری ئێستای عیراق دەستی ئەم شەریعەتە و ئیسلامیەكانی ئازادكردوە كە ئەو بەشەی كە لە دەستوری عیراقدا ئەمریكا داینابوو كە نابێت هیچ یاسایەك پیچەوانەی بنەماكانی دیموكراسی بێت لابراوە لێرەدا. سبەینێ چەند ژنە و كوشتنی ژنان لەلایەن "وەلی ئەمر" ەكانیانەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دەتوانێت ببیتە سەرچاوەی یاساكانی كوردستان سەبارەت بە ژنان.

لەدنیای ئەمڕۆدا كە ڕۆژانە تاوانەكانی ئیسلامیەكان و حكومەتە ئیسلامی و عەرەبیەكان دەبینین باسكردن لەوەی بەندی 7 پێوەری نەبونی ئازادی لە دەستوردا ئەلف وبێیە و زۆر تەفسیركردنی ناوێت. ئیدعای ئەو دەستەی ئامادەكارەی دەڵێت سوودیان لە دەستوری ئەمریكا وكەنەدا و بەلجیكا وەرگرتوە و لەسەر بنەمای جاری گەردونی مافەكانی مرۆڤ ئەم دەستورەیان داناوە، چ ئیدعایەكی پوچە كاتێك لە هەموو ئەو دەستورە مەدەنیانەی دنیای رۆژئاوادا خالی جیاكەرەوەی دین لە دەولەت بنەمای سەرەكییە و ڕێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسە و دەیان ساڵ خەباتی كومەڵگای مەدەنی توانیویەتی دەستی دین و مەسیحیەت وكەنیسە لەسەر دەسەلات و دەولەت نەهیلێت.

هەڵوێست گرتن لەسەر لەسەر ئەم بەندی 7 ەی ئەم ڕەشنوسی دەستورە دەتوانێت خاڵی جیاكەرەوەی ئازادیخوازان و لایەنگرانی دەسەڵاتی نامەدەنی و ئیسلامی لە كوردستاندا بێت. بەبێ لابردنی بەندی 7 و ڕاگەیاندنی ئاشكرای جیایی دین لەدەولەت و پەروەردە و كاركردن بۆ لابردنی كاریگەریان بەسەر گەشەی كۆمەلگاو مافەكانی مرۆڤەوە، ئەم دەستورە قابیلی هیچ گۆڕانگاری و چاكردن نییە. لانەبردنی دەسەلاتی دین بەسەر دەسەڵات وقانون و پەروەردەوە واتە گێڕانەوەی ئینسان بۆ چاخەكانی ناوەڕاست، وەك ئەوەی لە تالیبان و جمهوری ئیسلامی ئیران و ئەنسار ئیسلام و سعودیە دەیبینین. شەریعەتی ئیسلام وەك پێوەری نەبونی ئازادی لە دەستوردا دەبێت سەرنجی بدرێتێ و قبوڵ نەكرێت. ئەگەر ئەم بەندە لەو دەستورەدا بهلریتەوە ئەوا دەستورێكی دژی ئازادیان خستۆتە بەردەم خەلكی كوردستان كە جگە لە رەتكردنە و "نا" ووتن هیچی تر هەڵناگرێ پێی بوترێت.

لیرەدا جیگای خۆیەتی سەرنجی هەندێ نمونە لەو ڕایانە بدەین كە بەناوی "ژنان" یان " عەلمانیەتی میانەڕەو" لەسەر ئەم دەستورە ڕای خۆیان ووتوە بەڵام زیاتر بەلاڕیدا بردن و شاردنەوەی ڕاستیەكانی ئەم دەستورەیە نەك خستنەژێرپرسیاری و خوازیاری گۆڕینی بە دەستوریكی مەدەنی بن. مەهاباد قەرەداغی لە ووتاری " لەپیناو گەشەپیدانی پرەنسیپی یەكسانی لە دەستوری كوردستاندا"، چاكردنی چەند برگەیەكی لە بەندی مافەكانی ژنان كە لە رەشنوسیدەستوردایە هێناوە، بەڵام هیچ هەلویستیكی سەبارەت بە ماددەی 7 نەنواندوە و زیاتر كاری ڕاویژكاریەكەی بۆ چاكردنی دەستوری دەسەلاتداران درێژە دەكات نەك مەسەلەی مافەكانی ژنان لە دەستوردا. بەندی 7 كە بەئاشكرا هەموو مافەكانی ژنان دەخاتە ژێر دەستی شەریعەتی ئیسلامەوە هیچ مەسەلەی ئەم نوسەرەی مەسەلەی "ژنان" نییە. هەر پێشنیارێك بۆ چاكردنی ئەم دەستورە لەسەر مەسەلەی ژنان بەبێ باسكردن لە لابردنی مادەی 7 تەنها خۆلادان لەو مەسەلە چارەنوس سازەیە كە دەسەڵات دەیەوێت بەبێ ئارەق لیی دەربَچی. ئایا

مهاباد قەرەداغی بۆچی ئەو بەندەی "داخوازینامەی ژنی کورد"دا هاتوە کە "تەنها جیایی ئایین لە دەولەت دەتوانی مسۆگەری کۆمەلگایەکی ئازاد ودیموکراتی بێت" نادات بەڕووی بەندی 7 دا. ئایا ئەم داخوازیەی ژنان لە دەستوردا داوانەکرێ، ئەی لەکوێ داوا دەکرێ؟
ئەم خۆلادانە لە مەسەلەی سەرەکی دەستور و هەر ڕەخنەیەك بەبێ باسی ئەم خالە ناتوانێ لە ریزی رەخنەی ئازادیخواز و یەکسانی خوازاندا جیگایەکی هەبێت و بەپیچەوانەوە تەنها ریزی ئەو رەخنەگرانە پردەکاتەوە کە دەسەلات لە بازنەی پرسە گورگانەدا نەخشەی بۆ کێشاوە. پرسیارەکە ئاسانە، ئەویش ئەوەیە کە دین لە دەولەت جیا دەبێت یان دین دەکرێت بە یەکیك لەسەرچاوەکانی یاسادانان؟ ئەوانەی دەیانەوێت بەناوی عەلمانیەتی میانەڕەو هەم خواشیان بوێت وهەم خورماش، هەم ئیسلام تیکەلڕ بە دەسەلات بکەن و هەم دەسەلاتی مەدەنی و عەلمانیان بوێت، تەنها خۆیان هەلناخەلەتێنن بەلکو خەلکی کوردستان هەلدەخەلەتێنن و چەواشەی دەکەن و لەراستیدا دوورن لە عەلمانیەتەوە. ئەمانە تەنها دەتوانن راویژکاری دەسەلات بن بۆ پاساوی بە ئیسلامی کردنی دەستور و دەسەلات لەکوردستاندا و لە پینەوپەڕۆی ئەم دەستورە ئیسلامییە زیاتر هیچی تر ناکەن. ڕەخنەی جەماوەری مەدەنی کوردستان و ریکخراوە سیاسی و پیشەیی و ریکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و هەموو دەنگیکی ئازادیخواز لە ئیسلامی بوونی ئەم ڕەشنوسە دەستورەیە. ئەمە یەکێك لەو خالانەیە کە ئەم دەستورە دەکاتە وەسیلەی سەپاندنی قانون و دەسەلاتی کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەلگای مەدەنی کوردستاندا و گۆرینی دەسەلاتی حزبی چەکدار لەلایەن جەماوەرەوە بە دەسەلاتیکی مەدەنی دووردەخاتەوە. هەربۆیە دەبێت رەخنە لە بوون و دەسەلاتی ئیسلام لەم دەستورەدا بەخالی سەرەکی دابنرێت و ئەم دەستورە بەبێ جیاکردنەوەی دینی ئیسلام لیی شایەنی بانگەواز بۆ "نا" گوتنە پێی و هیچیتر.

2006/10/13